کاك فەلەکەدین راکەت دەمتەزێنێ

رێکار ئەحمەد

لەژمارە (247)ی هەفتەنامەی میدیادا، ڕێزدار کاك فەلەکەدین کاکەیی، وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتویەتی: بەرای من پێویست نیە حکومەت رادیۆو تەلەفزیۆنی هەبێ!.

ئەگەر ئەمە راو بۆچوونی بەرپرسێکی سەربازیو پێشمەرگەیی سەردەمی شاخ بوایە، زۆر بەئاسایی وەرمدەگرت، نەبیرم لێ دەکردەوەو نەخەمیشم بۆ دەخوارد، بەڵام کاتێ رای کاك فەلەکەدین کاکەیی کە هەم نووسەرو ڕۆشنبیرێکی ناسراوی گەلەکەمەو هەمیش وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستان بێ، دەمتەزێنێو داخبارم دەکات.

هونەرەکانی راگەیاندن لەهونەری ڕۆژنامەوانیەوە سەرچاوە وەردەگرنو بەهرەمەند دەبن، ڕۆژنامەوانیو هۆیەکانی راگەیاندنی وەك ڕۆژنامە، رادیۆ، تەلەفزیۆن، ماڵپەڕی ئینتەرنێتی، شانۆو سینەما نوێنەرایەتی ویژدانی نەتەوە دەکەن، چالاکیو لێکدانەوەکانی هزری نەتەوە ئاراستە دەکەن، ئەرکی پیرۆزو گرنگیان لەئەستۆدایە، دەبێ دەستپاك و راستوێژانە هەواڵو زانیاریەکان بەجەماوەر بگەیەنن، لێپراوانە لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریو زانستیو هۆشیارکردنەوەی جەماوەر تێبکۆشن، پارێزگاری لەزمانی نەتەوەبکەنو بەرەو پێشەوەی ببەن، فەرەهەنگو کولتور پەرەپێبدەن. هۆیەکانی گەیاندنی جەماوەری ئەگەر بەتواناو هاوچەرخانەبن، ناتوانن نوێنەرایەتی ڕۆژنامەوانی بکەن. پرسیارەکەم ئەمەیە: کێ بزاڤی ڕۆژنامەوانی لەئەستۆ بگرێ؟!. گەل لەرێگەی هەڵبژاردنەوە متمانە بە پەرلەمان دەدات، پەرلەمان بەدەنگی زۆرینەوە نوێنەرایەتی گەل دەکات، پەرلەمانیش ئەرکی بەڕێوەبردنو خزمەتگوزاری بەحکومەت دەسپێرێ، کەواتە لەدواین وێستگەدا ئەرکیحکومەتە کە رێبەرایەتی بزاڤی ڕۆژنامەوانی بکات. تۆماس جیفەرسۆن، سێیەمین سەرکۆماری وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، گوتویەتی: ئەگەر بڕیار بێ حکومەتی بێ ڕۆژنامەمان هەبێ یان ڕۆژنامەی بێ حکومەت، من دووەمیان بەباشترو بەشیاوتر دەزانم، چونکە کاریگەری ڕۆژنامە لەسەر ژیانو پێگەیاندنی گەلو نەتەوەکان یەکجار گەورەیە. جا ئەگەر ڕۆژنامەکە ئاراستەکراوە بۆ توێژی ڕۆشنبیرو خوێندەواران ئەو گرنگییەی هەبێ، بێگومان رادیۆو تەلەفزیۆن کە بۆتێکڕای خەڵك ئاراستە دەکرێن، لەسەردەمی ئەمڕۆکە کە سەردەمی ئینتەرنێتو جیهانگیرییە گرنگیو بایەخێکی یەکجار گەورەتریان بۆ پێگەیاندنو ناساندنی نەتەوەو حکومەتو نیشتمان هەیە.

رادیۆو تەلەفزیۆنی دەوڵەت رایەڵەی پێوەندی نێوان حکومەتو جەماوەرە، هەر حکومەتێك ئەو رایەڵەیەی نەبێ، لەکۆمەڵگە دادەبڕێ، ئاگای لەرای خەڵك، ئێشو ئازارەکانی جەماوەرو خواستی گەل نابێ. لەکۆمەڵگەی مەدەنیدا، لەسیستەمی دیموکراسیدا هۆیەکانی راگەیاندن، بەتایبەتی رادیۆو تەلەفزیۆن وەکو گەورەترین پشکی دەستەڵاتی چوارەم بەدیار دەکەون، چونکە کۆمەڵگەی مەدەنی خۆی وەکو کۆمەڵگەیەکی ڕۆژنامەوانیو راگەیاندن خۆیا دەبێ، جا ئەگەر حکومەتی هەرێم نەیەوێ بەرەو دیموکراتیزەکردن هەنگاو هەڵبگرێتەوەو بۆخۆی ئەو دەستەڵاتە بەحزبەکان بسپێرێ، یان ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیەوێ ئەو رایەڵەیە لەنێوان خۆیو گەلەکەی دروست بکات، ئەمە شتێکی دیکەیەی دەبێ لەداهاتوودا باسی لێوەبکەین. ئەگەر مەبەست لەنەبوونی رادیۆو تەلەفزیۆنی هەرێم ئەوەبێ کە توانای دارایی و تەکنیکیو بەڕێوەبردن لاوازە، ئەمە پەشمێکی زۆر گەورەترە، چونکە ئەو حزبانەی کە بودجە لەحکومەتی هەرێم وەردەگرن، چەند ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنی لۆکاڵیو کەناڵی ئاسمانیان هەیەو بەڕێوەشی دەبەن، جا ئەگەر حکومەتی خۆی لەسەرووی حزب بدۆزێتەوە، هەڵبەت دەتوانێ کە ڕۆژنامەی ڕۆژانەو رادیۆی سەرتاسەریو کەناڵێکی ئاسمانی پێشکەوتووی هەبێ.

بزاڤی ڕۆژنامەوانی لەبەرانبەر کۆمەڵگە، حکومەتو مرۆڤەکان دا بەرپرسیارە: بواری جۆراوجۆری وەك (هەواڵ، چالاکیەکانی حکومەت، سیاسی، کۆمەڵایەتی، وەرزشی، ئابوری، خێزانی، پەروەردەیی، ژنان، لاوان) دەگرێتەوە، ئەگەر حکومەت رادیۆو تەلەفزیۆنی نەبێ، کێ ئەو بوارانە هەڵدەسوڕێنێ؟!، ئایا ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێ کە جەماوەر بەناچاری لەژێر کاریگەری رەوتو ئاراستەی راگەیاندنی حزبەکاندا بمێننەوە!!. ئەمڕۆ نەتەوەی بێ رادیۆو تەلەفزیۆن لەگەڵ مردووان پۆلێن دەکرێ. هەر حکومەتێکیش ئەگەر رادیۆو تەلەفزیۆنی نەبێ تەرمێکی مۆمیا کراوە، نوێبوونەوەو ژیانەوە لەجەستەیدا کۆتایی پێهاتووە. لەدویماهیدا دەڵێم: ئەوە پۆلیسو پیاوانی ئاسایشن کە هەمیشە لەرادیۆو تەلەفزیۆن دەترسنو بەپارێزەوە رەفتاریان لەگەڵدا دەکەن. پیاوانی پۆلیسو ئاسایش بەبیانۆی ئەوەی کە رادیۆو تەلەفزیۆن هەواڵو راستیەکان ئاشکرا دەکەن، هەستی تاوانکاریو ئاژاوەگێڕیو شەڕانگێزی لەدەروونی مرۆڤە نەخۆشەکان دەوروژێنن، لەدژیاندا رادەوەستنو ناحەزی لەبەرانبەریاندا دەنوێنن.

2006-7-6
rekarahmed@hotmail.com
rekarahmed@yahoo.de

فەلەکەدین کاکەیی

رێکار ئەحمەد

تاهیر بن جەلون سەبارەت بەئێراق بۆ دیرشپیگل دەدوێ

ڕۆژنامەی (دیرشپیگل)ی ئەڵمانی دیمانەیەکی دەگەڵ تاهیر بن جەلون، نووسەری ناودارى مەغریبی کە ئێستا لەوڵاتی فەرەنسا نیشتەجێیە، هەبووە هەرچەندە ماوەیەکی زۆر بەسەر دیمانەکە تێپەڕبووە، بەڵام لەو دیمانەیەدا نووسەر زۆر وردبینانە سەبارەت بەپێشهاتەکانی شەری ئێراق، زیان وێکەوتەیی ڕۆحی عەرەبو مەترسی پێك هەڵپژانی فەرهەنگو کلتورەکانداوە. لەبەر گرنگی بابەتەکە بە پێویستم زانی بۆ خوێنەرانی ڕۆژی گەل وەری بگێڕێمە سەر کوردی.

ئە: قازی

دیرشپیگل: ئایا بەمە کەیف خۆشبووی کە ئەمریکیەکان پەیکەری سەدام حوسێنیان سەراوژێر کرد؟

جەلون: ئەو پەیکەرە تەنیا هەر هاتنە خواری پەیکەرێك بوو، من بەگیرانو دادگایی کردنی سەدام زیاتر کەیف خۆشم.

دیرشپیگل: پێتوانیە کە ئەمریکاییەکان خۆ بە بەرپرس دەزانن کە لەرێگەی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئێراق بەشێوەی دامەزراندنی نیزامێکی دیموکراتی، رواڵەتێکی ئاسایی بدەن بەشەڕەکەیان؟.

جەلون: دەستەڵات لەسەرووی مافو هەقە، ئەمە خۆی تێکشکانێك بوو بۆ مۆدێرنیتە، دەوڵەتی جۆرج بووش بە هۆی توندڕەوانی ناسیۆنالیستو مەزهەبی بەڕێوەدەچێ، بەرهەمیشی چەشنە کۆلۆنیالیزمێکە، (ئستیعمارێکە) کە توندوتیژترە لەهی سەدەی نۆزدەهەم.

دیرشپیگل: هەروەسی بەغدا، خەڵکی گەلێك لەوڵاتانی عەرەبی سەرسام کرد، ئایا ئەم سەرسامیە نوێیە نابێ بەهۆی هەراوبوونی ناسیۆنالیزمی عەرەبو ئیسلامی توندڕۆ؟

جەلون: ناسیۆنالیزمی عەرەبی مردووە، بەڵام ئیسلامی توندڕۆ دەورانی پشکوتنی لەڕێدایە. یەکێتی وڵاتانی عەرەب چیرۆکێکە، بەبێ پشتگیری ئامرازی زۆرێك لەحکومەتە عەرەبیەکان، ئەمریکا بۆی نەدەکرا شەڕ بەرەو پێش ببات، ئەم فریوکاریو رێوی وازییە دەبێتەهۆی دەستەڵات بۆ ئیسلامیستە توندڕۆکان. ئیسلام وەك ئیدیۆلۆژی سیاسی، تەنیا هەودایەکە کە ئێستاکە عەرەبەکانی پێك بەستۆتەوە، ئەم ئیدیۆلۆژیەش خەوی ترسناکی بۆ ئێمە پێوەیە.

دیرشپیگل: تۆ لەو باوەڕەدانی کە ئێراق دەتوانێ ببێ بەنموونەی دیموکراسی؟

جەلون: ئەمە هەر خەونو خەیاڵێکی ئەمریکاییەکانە کە تانو پۆی لەدرۆو خۆگێلکردن داندراوە. شیعەکان لە باشوور لەبیری ئەمەدانو خۆ رێکدەخەن کە لەئێراق کۆمارێکی ئیسلامی پێکبێ، ئەمەش عەرەبستانی سعودیو حکومەتەکانی کەنداوی وە ترسو لەرزە خستووە. ئەمریکا دەتوانێ خەڵکانی خۆی لەئێراق بێنێتە سەرکار، بەڵام ناتوانێ دموکراسی جێگیربکا.

دیرشپیگل: ئێوە بۆچی وا لێپراوانە قسەدەکەن؟ بۆچی وڵاتێکی عەرەبی ناتوانێ لەدیموکراسی کەلك وەربگرێ؟

جەلون: ئێراق کۆمەڵگەیەکی ئێلو عەشیرەتیە. سەدام حوسێن دەگەڵ عەشیرەتی تکریتیەکان حکومەتی دەکرد. لەسوریەش بەشار ئەسەد کەمایەتیە عەلەویەکانی بەپشتەوەیە. لەکۆمەڵگەی عەشیرەتیدا دیموکراسی هیچ مانایەك نابەخشێ، چونکە لەکۆمەڵگەی عەشیرەتیو لەنێو عەشیرەتدا تاکەکەس گرنگی نیە، لەکاتێکدا لەکۆمەڵگەی دیموکراتدا ئازادی مرۆڤ بۆ بڕیاردان ویژدانی خۆی هەموو شتێکە. دیموکراسی تەنیا هەر هونەری بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازاد نیە، بگرە چەشنە فەرهەنگو رامانی ڕۆژئاوایەو بەفەرمی ناسینی دابو نەرێتەکانە.

دیرشپیگل: بەباوەڕی ئێوە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازاد لەوڵاتانی عەرەبی دەبێتە هۆی هاتنە سەرکاری هێزەکانی ئیسلامی؟.

جەلون: بەداخەوە بەڵێ، کەم تا زۆر لەهەموو شوێنێکیش! . هەڵبژاردنی ئازاد لەم شوێنانە وەك ئەمە دەچێ کە بمانەوێ کۆشکێکی جوان لەسەر زبڵخانەیەك ساز بکەین. زەوی وڵاتی عەرەبی بۆ چاندنی تۆوی دیموکراسی ئامادە نییە. لەم بەشە، لەجیهان تەنیا کەشو هەوای دژ بەدیموکراسیو زەمینەی توندتیژی حاکمە. کابرایەکی توندڕۆو ئیفراتی، وتوێژی نیە، ئەم لای وایە مافو راستی هەر لەلای ئەودایە. دیموکراسی ئەم هەر هەمان دیکتاتۆرێکە کە لەسەرەوە تا نووکی پا بۆ هەر هەموو شت قانوونو نەزمی داناوە.

دیرشپیگل: مەسیحیەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش هەموو شت خواز بوون. ئەدی جیهانی عەرەب لەبەرچی هێندە لەبەروبوومی گوڵکردنی دیموکراتی بەدوورە؟.

جەلون: لەبەر چەند هۆیەك. یەکەم ئەمە کە ئیستیعمار لەزۆرێك لەوڵاتانی عەرەبی، بەدەستەڵاتێکی عەسکەری هەڵگیراوە. دووهەم ئەمەیە کە ناسۆنالیزمی عەرەبی بەشێوەی عەبدولناسر، دەگەڵ سۆسیالیزمی ستالینستی پێوەندی هەیە.

دیرشپیگل: بەڵام ئەم بابەتە لەمێژە تێپەڕیوە، هەڵەکانی رابردوو ناکرێ بەسەر زەمانی ئێستادا زاڵ بێ؟!.

جەلون: سۆسیالیزمو ناسیۆنالیزم تێك رووخان، تەنیا دیاردەی سێهەم ماوەتەوە ئەویش ئیسلامە. ئیسلام تەنیا هەر دینێکی مەعنەوی نیە، بگرە ئایینێکی سیاسییشە، کە بۆ هەموو هەستانو دانیشتنی ڕۆژانەی مرۆڤ، رێو شوێنی ئەخلاقی داناوەو هەر ئەمە خودی تایبەتمەندی خۆی ئیسلامی پێوەیە کە بەرەو دیکتاتۆری دەبات.

دیرشپیگل: دیموکراسی بەشێوەی ڕۆژاوا، بێگومان لەسەر جیوازی دین لەدەوڵەتو دین لەسیاسەت راوەستاوە، ئایا دیموکراسی لەروانگەی ئیسلامییەوە هەر لەبنەڕەتدا پووچەڵە؟.

جەلون: هەر لەژێرخانەوە بەڵێ!، دەگەڵ ئەمەش بەخت گوشایی پێشەوەچوونی عەرەبو ئیسلام لەمەدایە کە لەم هەموو خوازیە، دەست هەڵگرن. ئیسلام دەبێ هەر لەدڵو مزگەوتەکاندا بمێنێتەوە، لەسیاسەت کە بابەتێکی دیکەیە وازبێنێ. من دەزانم کە راستکردنەوەی دین کارێکی دژوارە، چونکە باوەڕ لەسروشتی خۆیدا پشتی بەو باوەڕە غەیرە ئەقڵییەکانەوەیە، بەڵام ئامانج دەبێ کۆمەڵگەیەکی لایکی ئیسلامی بێت.

دیرشپیگل: بەبێ شەڕێکی چاککاری مرۆڤ چۆن دەگاتە ئامانج؟.

جەلون: لەرێگەی پەروەردەو بەرەوپێشچوونی ئابووری. خولیای توندوتیژی مەزهەبی، لەهەژاریو نەخوێندەواری خۆراك وەردەگرێ. ئەمانە هەردکیان بەداخەوە لەجیهانی عەرەبدا پەرەگرە. ئیسلامیەکان هەوادارانی خۆیان لەنێو کەسانێکی ڕووخاو و بێ داهاتوو هەڵدەبژێرن، ئەگەر تواناکانی مرۆڤ گوڵ بکات، ئەوکاتە بێگومان توندوتیژییەکان لەئیسلام دوور دەکەونەوە. چونکە لەقورئاندا هەم دیموکراسیو هەم دژایەتی دەگەڵ دیموکراسی بەرچاو دەکەوێ.

دیرشپیگل: تا ئەوکاتە مەترسی لەرێککەوتنی فەرەنگەکان چۆن بەراورد دەکەی؟.

جەلون: فەرهەنگەکان یەك لایەنەو داخراوینن تا وێك بکەون، ئوروپاو جیهانی ناڤێن (مێدیترانە) بەیەك ئەندازە لەژێرکاریگەری ڕۆژاواو ڕۆژهەڵات، مەسیحیەت، یەهودیەتو ئیسلام دانە، ئەمەی کە زیاتر هۆی نیگەرانی منە وێککەتنی نەزانیو پێشداوەریویەکتر بەهێند نەگرتنە.

دیرشپیگل: ئەرێ ئەم لێکهاڵانە لەزووەوە دەستی پێنەکردووە؟. لەئوروپا بێزاری لەبیانیان بەرەو پێش دەچێ، کۆمەڵە ئیسلامیەکان خوازیاری مافی تایبەتی بۆ خۆیانو خۆ لەکۆمەڵەی خۆیاندا زیندانی دەکەنو بەجێگەی لێکترتوانەوەدا رێگەی رێبەست دەگرنەبەر؟.

جەلون: بەڵێ وایە، لەفەرانسە، ئەڵمان، ئینگلیس دایە کە دیار دەبێ کە ئایا هاوژیانی فەرهەنگەکانی بەیەکەوە بەئاشتی دەگونجێن یان نا؟!. فەرانسە لەزووەوە نەوەکانی مەغریبی خۆی چاودێری دەکات، سەیر نییە ئەگەر تیرۆریستەکان لەوێدا تۆڕی ئەندمگیری دەنێنەوە.

دیرشپیگل: منداڵانی بیانی کە لەفەرانسە دێنە سەر دنیاوە دەبن بەهاووڵاتی فەرانسە، پێکەوە ژیان شەقامێکی یەکسەر نییە؟.

جەلون: بابەتی هاونیشتیمانی بوون وەك دیموکراسی وایە، هاونیشتیمانی بوون بابەتێکی هونەریو ئیداریی نییە. هەبوونی ناسنامەیەکی فەرانسەوی چاك نییە بووە کە ببی بەهاونیشتیمانییەکی تەواو و ئەندامێك کەباوەڕت بەو بایەخانەی کۆمارەکە هەبێ.

دیرشپیگل: یەکێك لەئامێری تێکەڵاوبوونی فەرهەنگەکان پێکەوە خوێندنە (فێرگەیە)، بەڵام هەر بەهەڵکەوت فەرانسە لەفێرگەکاندا تووشی گیروگرفتی باوەڕ، گیروگرفتێك کە مەترسیدار هاتووە.؟ ئایا تۆ خۆت لایەنگری ئازادی پۆششی ئیسلامی هەی لەفێرگەکاندا؟.

جەلون: پۆششی ئیسلامی بەمانای دژایەتییە دەگەڵ کۆمەڵگەیەکی لایك (عەلمانی)، ئەگەر ئەم پۆششە قەبوڵ بکەین، هەر سبەی دایكو بابو برای کچە خوێندکارەکان دەڵێن: بۆت نیە بچییە کەلاسی (پۆلی) مۆزیكو شێوەکاری، چونکە لەرێت دەردەکەن، یان بۆت نیە فلان شتی ئەدەبی بخوێنیتەوە، چونکە غەیرە ئەخلاقییە. نابێ پۆششی ئیسلامی قبوڵ بکرێ. ئەم پۆششە بۆ پێکەوە ژیانی بەئاشتی فەرهەنگەکان زیانبارە. ئەگەر هەوڵەکان بۆ ئەم تێکەڵاوبوونە سەر بکەوێ ئەوکاتە ئیسلامیەت لەئەڵمانو فەرانسەو.... پەرەگر دەبێ کە دەکرێ ببێ بەسەر مەشقی جیهانی عەرەبیش.

دیرشپیگل: عەرەبەکان زۆریان پێخۆشە کەبڵێن مێژووی نوێیان پڕە لە سوکایەتیەك کە لەلایەن ڕۆژاواوە پێیان کراوە؟.

جەلون: گورزو تەرکی (زەربە) ی ئیستیعمار لە سەرووی هەموانەوە، بەم شێوە نەتەوەی موستەعمەرەو ژێر دەستە بایەخ و ناسنامەی خۆی لەدەست دەدا.

یرشپیگل: ئێراق کە لانکەی شارستانیەتە، نەفتو ئاوی هەیەو یارمەتیشی گەلێك پێدەگا بۆ ئاوەدان بوونەوە .ئایا دەبێ بە سەرمەشق بۆ وڵاتانی دیکە لەمەڕ مۆدێرنێتەوە؟

جەلون: من لام وایە کە ئەمریکیەکان نازانن چیدەکەن، کام رێگەیان هەڵبژاردووە!، ئێراق یەك ڕۆژە بووە بە نەتەوەیەکی سواڵکەر، ماڵ لەکۆڵ. سەروك بووش وەجادووگەرێك دەچێ کە دێوی لەناو شووشە وەدەرناوە، بەڵام بێ سەبرانە چاوەروانین بزانین بۆی دەکرێ لەسەرڕا دێوەکە لە شووشە بکاتەوە!، یان نا!.